




# - خەیاڵپەروەری
# - مێردی شاعیرەکە
# - کەناڵی هەڵە

رۆبەرتا ئالن
مولی گیلس
رۆبەرتۆ فرناندز

و: گەلاوێژ فەتاحی

## خەیاڵپەروەری – رۆبەرتا ئالن

خاتوو رۆبەرتا ئالن بێجگە لە نووسەری، لە زانکۆ وانە دەڵێتەوە "چەند خولێکیشی لە زانکۆی کۆلۆمبیا هەبووە". کاری هونەری دەکا "بەرهەمە وێنەییەکانی لە مۆزەی مترۆپۆلین بەبەردەوامی لە نمایشدایە" و راهێنەری وەرزشە. (١٥٠) کورتە چیرۆکی لە چاپەمەنییە جۆراوجۆرەکان بڵاو کراوەتەوە و هەندێک لە چیرۆکەکانی بەئەڵمانی و ژاپۆنی وەرگێڕدراون. دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە (The Traveling Women, Certain People) کۆمەڵە چیرۆکێکی زۆر زۆر کورتی لێک گرێدراو لە چوارچێوەی رۆمانی (The Donghter)، رۆمانی (The Dreaming Girl) و سەفەرنامەی (Amazon Dreams) هەروەها چەند کتێبی جگە لە چیرۆک هەیە، یەک لەوان کتێبێک لە بارەی نووسینی چیرۆکی زۆر زۆر کورت (Fast Fiction) و دوو کتێبیش کە لەگەڵ رەسمەکان و وێنەکانی خۆی بڵاو کراوەتەوە.

زڕ خوشکەکەم لەسەر کورسییەکەی پێشەوەی سەیارەکە دانیشتووە و دەقیژێنێ مێردەکەشی کە وەک باوکم قومارباز بەخێرایی لە ناو کێوەکان تێ دەپەڕێ. دەڵێی سواری شەمەندەفەرێکی ئاسمانی بووینە. مێردی زڕ خوشکەکەم بەتامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەوە دەکا بگاتە لاس ڤێگاس و پارەکانی ژنەکەی بەفیڕۆ بدا. کوڕ و کچەکەیان لە کورسی پشتەوە، ئەو جێیەی کە منیش لێی دانیشتووم لە ترسان پێکەوە نووساون. کچی زڕ خوشکەکەم، کە لە من گەورەترە دەقیژێنێ. لوتم بەپەنجەرەکەوە دەنووسێنم. من ناترسێم. مێردی زڕ خوشکەکەم بەبێ ئەوەی کە خێراییەکەی کەم کاتەوە، یان هۆڕن لێدا لە سەرەولێژی دژی کوێستانەکەدا دەسووڕێتەوە و لە قوڵایی دڵیەوە قاقا پێ دەکەنێ. لە هەر بادانەوەیەکدا زڕ خوشکەکەم دەقیژێنێ و لێی دەپاڕێتەوە کە هێدیتر بئاژوێ. هەرچی زیاتر ناڕەزایی دەردەبڕێ، مێردەکەی دڕندانەتر سەیارەکەی دەئاژوێ. خوشکەکەم هاوار

دەکا: «هەموومان بەکوشتن دەدەی!» بەڵام مێردەکەی سەرخۆشتر لەوەیە کە گوێ بداتە ئەو قسانە. منیش گوێ نادەمێ، ناهێڵم کەس خەیاڵە بڵاوەکانم تێک بدا: لەگەڵ ئەو کوڕە فەرەنساوییەی کە ناوی ژان-ە، گەڕاومەتەوە نیویۆرک. خەریکین لە "پارکی ناوەندی" لەسەر گۆلەکە سەوڵ لێ دەدەین. کاتێکی خۆش پێکەوە بەسەر دەبەین

## مێردی شاعیرەکە – مولی گیلس

خاتوو مولی گیلس رۆمانێکی بڵاو کردووەتەوە Iron (2000, Shoes) لەگەڵ دوو کۆمەڵە کورتە چیرۆک (Rough Translation) لە ساڵی ١٩٨٥ کاندیدی خەڵاتی پولیتزر کراوە و چەندین خەڵاتی بردووەتەوە یەک لەوان خەڵاتی فلانری ئۆکانرە؛ Greek Walk and other stories, لە ساڵی ١٩٩٧ کە لەگەڵ لیستە هەڵبژێردراوەکانی ساڵی نیویۆرک تایمز بووە. لە نیویۆرک تایمز رەخنە و لێکۆڵینەوەی کتێب دەنووسێ و بۆ ئەو کارەی خەڵاتی کۆڕی نەتەوەیی رەخنەگرانی کتێبیش دەباتەوە کورتە چیرۆکی Two Words بووەتە هۆی بردنەوەی خەڵاتی ئۆهنری لە ساڵی ٢٠٠٣ دا. مولی گیلس لە ساڵی ٢٠٠٣ لە زانکۆی ئیالەتی سەن خۆزە وەکو پرۆفیسۆر و نووسەرێکی چالاک وانەی گوتووەتەوە و ئێستاش سەرۆکایەتی بەشی "نووسینی چالاکانە"ی لە زانکۆی ئارکانزاس لە سەر شانە.

لە ریزی پێشەوە دانیشتووە، بەقەڵافەتە، پیاوێکی بەقەڵافەتە، دەستەکانی گەورە و گوێیەکانیشی گەورەن، لێوی وشکە، پرچی تازە کورت کردووەتەوە، رەنگی دەموچاوی پەمەییە، چاوەکانی رونن نایان تروکێنێ، پیاوێکی شایستەیە، هێدییە کە دەیبینی ئەو هەستە لەلات دروست دەبێ پیاوێکی بێدەنگ کە دەزانێ چۆن دەبێ گوێ راگرێ: ئێستاش هەر گوێ رادەگرێ هەر لەو کاتەی کە ژنەکە لەسەر تەختەی شانۆ جووڵەجووڵ دەکا، جلێکی

کورتی ڕەشی لە بەردایە و شیعر دەخوێنێتەوە لەبارەی ئەو کاتەی کە دەماری خۆی بەچەقۆ بڕی و شیعرێکی دیکە لەبارەی ئەو پیاوەی کە ئێستاش هەر دەیبینێ و شیعری سێیەم لەبارەی ئەو قسە ڕەقانەی کە هەر ئەو پیاوە شەش ساڵ لەوەو پێش پێی گوتبوو و ژنەکەی ئێستاش کە ئێستایە لە بیری نەچووەتەوە و هەزمی نەکردووە و پیاوەکە دەزانێ کاتێک ژنەکە کارەکەی تەواو بێ، هەموو چەپڵەی بۆ لێدەدەن و چەند کەسێک، زیاتر خانمەکان دەچنە پێشی و ماچی دەکەن و ژنەکەش تا دەتوانێ دەخواتەوە و لە ڕێگەدا تا ماڵێ هەر دەپرسێ: "رات چییە؟ بەڕاستی چۆن بوو؟" و پیاوەکە دەڵێ: "بەڕای من زۆرباش بوو" کە بەڕاستیش رای وایە، بەڵام هەر ئەو شەوە، کەمێک دواتر کاتێک ژنەکە نوستووە، پیاوەکە لە جێگەکەیدا رادەکشێ و لە پشت پەڵەیەک کە لەسەر جامی پەنجەرەکەیە و ژنەکە نەیدیتووە چاو لە مانگ دەکا.

### کەناڵی هەڵە – رۆبەرتۆ فرناندز

پرۆفیسۆر رۆبەرتۆ فرناندز لە دایکبووی کوبایە و لە دە ساڵییەوە لەگەڵ بنەماڵەکەی چووەتە ئەمەریکا. ئەزموونەکانی کۆچی لە کوبا بەرەو ئەمەریکا لە بەرهەمەکانیدا رەنگدانەوەی هەبووە. "٥" کتێبی لێ بڵاوبووەتەوە "دوو رۆمان Holy Radishes, Raining Backwords و سێ کتێبی تر بە ئیسپانی" بێجگە لە کورتە چیرۆک گەلێکی زۆر، کە لە چاپەمەنییەکاندا بڵاو کراونەتەوە. لە دپارتمانی زمانەکانی پێشکەوتوو لە زانکۆی ئیتالی فلۆریدا وانەی گوتووەتەوە و لە ساڵی ٢٠٠١ بەپلەی پرۆفیسۆری لە زمان و زماننا‌سی مۆدێرندا وەرگیراوە.

باربارێتا بەبێ ئوقرەییەوە چاوەڕێ بوو بەدوایدا بێن دڵۆپەی ئارەقە دڵۆپ دڵۆپ لە برۆکانی دەڕژانە نێو سێیەمین کوپی ئیسپرسۆ سارد و خەستەکەیەوە. خەریک بوو دەچوو بۆ W.C کە گوێی لە تەقەتەقی شۆفەرلێتە ئیلمیان کۆنەکەی میما بوو. باربارێتا لە دیوەخانەوە هاواری

کرد "ئێستا دێی؟"

- بەیانی ستارتی سەیارەکەم ئیشی نەدەکرد.

باربارێتا سوار بوو، ئاوێنەکەی دواوەی خوار کردەوە و هەندێک میکیاجی کرد بۆ ئەوەی بەکەیف و بەدەماختر بێتە بەرچاو، بەتەما بوو کاریگەری بکاتە سەر ئەو دکتۆرەی کە بۆ وەرگرتنی گرین کارتەکەی دەبوو پشتگیری لە رەوشی سەلامەتی ئەو بکا. لە رێگەی "جکسون مێمۆریال" میما باسی نەوەکانی کرد. کاتێک دوای ماوەیەک سکرتێرەکە باربارێتای بانگ کرد، کتێب و گۆڤارەکانی ریدرز دایجستی لەسەر مێزەکە داناوە.

سکرتێرەکە بەمیمای گوت: "ببورە خاتوون، ئێوە ناتوانن بچنە ژوورەوە"

میما کە زمانزان بوو وەڵامی دایەوە: "ئەمن دیلمانجی ئەوم".

دکتۆرەکە Xr ەکانی "ئەشەعە" باربارێتای بەدەستەوە بوو و هاتە ژوورێ و بەگرژییەوە

گوتی: "Nobueno" دوایی بە میمای گوت: "لێی بپرسن تی بی هەبووە"

میما رووی کردە باربارێتا و گوتی: " دکتۆر لێت دەپرسێ تی ڤیت هەیە؟ تەلەفیزیۆن" باربارێتا گوتی: «پێی بڵێ ئەرێ. بەڵام لە هاوانا، لە میامێ نا. بەڵام کچەکەم لێرە هەیەتی" میما بەدکتۆری گوت: "دەڵێ لە کوبا تی ڤییان هەبووە بەڵام لێرە نا. بەڵام کچەکەی لێرە تی ڤیی هەیە".

- کەوایە کچەکەشی دەبێ تاقیکردنەوەی تی بی بدات.

میما بۆی وەرگێڕاوە: "دەڵێ دەبێ تەلەفیزیۆنی کچەکەت تاقی بکاتەوە، تاکو دڵنیا بێ کە ئیش دەکا؛ دەنا ناتوانی گرین کارتەکەت وەربگری"

باربارێتا گێژ بووبوو پرسی "جا باشە بۆ تەلەفیزیۆن!"

- چەند جارم پێ گوتی دەبێ تەلەفیزیۆنیک بکڕی! باربارێتا نازانی ئێرە ئەمەریکایە!

---

١- باش نییە "لە زمانی ئیسپانیدا"

٢ TB، کورتکراوەی Tuberculosis "نەخۆشی سیل"